# ئێدوارد سەعید و ژیان لە دوو جیهان دا

## چۆڵەوانی مەنفا و جیاوازی شوناس

**وەرگێرانی: بەهار زایر**

محمود درویش دوا شیعری(طباق) دەکاتە دیاری بۆ ئێدوارد سعید شیعرەکەی لە سەر شێوەی گفت و گۆیەکدایە کە لەگەڵ سەعید دا ئەنجامی داوە ، لەرێی وشەکانیەوە ئیشکالیەتەکانی بوونی سەعید و جیاوازی شوناسی و لەت بوونی لە نێوان دووجیهاندا دیاری دەکات کە هەریەکیان هۆشیاریەکی جیاواز و هەندێك جار دووفاقی بوونێك دەبەخشێتە وشەو ناونیشانیبابەتەکانی ئەم بیرمەندە ، بە تایبەتی سەعید لە دوو شوێن دەژیا کە دژایەتی هەیە لە نێوانیان ئەمە بۆتە هۆی پەرتەوازە بوونی جیهانی سەعید. لە وەلآمی یەکێك لە پرسیارەکان سەعید دەڵێت:

من لەوێم
من لێرەم
نەلێرەم نە لەوێم
دووناوم هەیە بەیەك دەگەن و لێك دوور دەکەونەوە
دووزمانم هەیە بیرم نایە بەکامیان خەونم دەدیت



ئەم دێرە شیعرانە رووکەش و ناخی سەعید دەردەخەن رەچەڵەك و مەنفاکەی نیشان دەدەن. سەعید وەك رۆشنبیرو رەخنەگر لەت بووە لەنێوان (ئەویّ وئێرە) کەدەروێش بە شێوەی نەفی دیاری کردووە واتە بە شێوەیئامادە نەبوون لە هەردوو شوێن ( نەلێرەم نە لەوێم) دووناوی هەیە لەکاتی بەیەك گەیشتن و جوودابوونەوە دووزمانی هەیە لە خەونەکانی تێکەڵبوونە زمانی نەتەوەکەی و زمانی مەنفاکەی......

ئەم شیعرە ئیشکالیەتی بیری سەعید و دووجیهانیەکەی دەست نیشان دەکات

هەمیشە پرسیار لە ناوبانگی سەعید دەکرێت کە ئایا لە جیاوازی شوناسەوە هاتووە؟ یا بەهۆی دیراسەتەکانی لەسەر رۆژهەلأت ناسی و پەردەهەلّدان لەسەر گوتاری رۆژهەلأت ناسیەوە دروست بووە ؟ لەبەر ئەوەی تا دەرچوونی کتێبەکەی سەعید بە ناونیشانی (الاستشراق١٩٧٨) رۆژهەلأتناسی بە دیدێکی تر دەبینرا .

لێرەدا سەعید باسی پەیوەندی کەلتوورو سیاسەت دەکات رۆژهەلأتناسی وەك گوتارێك بە چەمکە فۆکۆییەکەی بینا دەکات کورتی دەکاتەوە لە (وێنەیەکی نەمەتی)ناقۆلأی دەکات دوایی ئاسان کاری بۆ رەت کردنەوەی دەکات پاشان پاساو بۆ رق لێبوونەوەی دەهێنێتەوە .

لە دوای کتێبی رۆژهەلأت ناسی سەعیدەوە بۆچونەکانی ئۆریانتالیزم گۆران بەشێوەی ( هەلگری هەموو کێشەکانی بەرهەم هێنانی وێنەیی ، لە وێناکردنی خودەوە بۆ وێناکردنی ئەویتر)بێگومان بەدەسەلأتی هێزی گوتار لەسەری ، یان چۆنیەتیکارکردنی دەسەلأت لەسەر مەعریفە ،واتە بەجێهێنانی مەعریفەی رۆژهەلأتی بە رۆژئاوا وەك هۆیەکی دەست بەسەراگرتن .... بەم شێوەیە رۆژهەلأت بوو بەدەق و رۆژئاوا بوو بە دەسەلأت ، رۆژهەلأت ناسیش وەك مەعریفەیەك بەکار دەهێنرا بۆ بالأدەستی رۆژئاوا لەسەر سروشتی دەقی رۆژهەلأت ناسی .

ئایا ناوبانگی سەعید لەرێی کەشفکردنی حەقیقەتی رۆژهەلأت ناسی و رێگاکانی تەمسیل کردنی رۆژهەلأتەوەهاتووە؟ یان لە رێی لەت بوونی و دووزمانیەوە ؟ رەنگە کاریگەری هەردووکیانی لەسەر بێت . ململانێی نەهامەتیەکانی و —ئیدراکی بۆ مەنفای حەتمی— بەستنەوەی دەق بە جیهانەوە —ناکۆکیەکانی کەسێتی و— غەریبی و پەیوەندیەکانی بە ولأتەکەیەوە— دەنگەسیاسیەکەیو — سروشتیکارەکەی —مەسیحیبوونی— فەلەستینیبوونی وەك رەگ و ئەمریکی بوونی وەك واقیع— بەکورتی (ژیان لەدووجیهاندا).

.هەندێك لەو ناکۆکیانە لەشیعرەکەی دەرویشدا دەردەکەوێت ( ئێرە وئەوێ) (دووزمان) ئیشکالیەتەکەی لە دووانەوە پەرەدەسێنێت بۆ فرەیی :

من چەند کەسێکم لە کەسێدا
بەناوەوەم دەرەوە نوێکراوەتەوە
من قوربانی پرسیارەکانم
بەلأم کام جیهان هەلّدەبژێرێت ؟ لەشیعرەکەیدا دەرویش پرسیار لە سەعید دەکات :

مەنفا دونیای دەرەوەتە
مەنفا دونیای ناوەوەتە
پێم بلّێ تۆ کێی لەم نێوانە ؟
سەعید لە وەلأمدا :
نازانم کێم
من دوانم لە یەکێکدا

ئەمە بەیەك گەیشتنە ناکۆکەکەیە ( ناوەوە دەرەوە) بەم شێوەیە سەعید وەك بیرمەند و ئەکادیمی و رەخنەگر قبوولّ کراوە . هەمیشە خوێندنەوەکانیش بۆ ئەم بیرمەندە لە سەر ئەم شێوازە کراوە زۆر جار خوێندنەوەی شێواو و بۆ دەقەکانی کراوە ، بە کەمەوە روانراوەتە کردە هەلّوەشانەوەگەراکانی بۆ چەمکە گوتاریەکانی دەسەلأت و مەعریفە. تەنانەت بە کتێبی( دەرەوەی شوێن) (خارج المکان)نیش کە باسی سەرگوزەشتەی دەکات را گەیشتون و دژی وەستاون و گومانیان خستۆتە سەر راستیەکانی و لێکدانەوەینابەجێیان بۆ کردووە . بە بۆچوونی رەخنە گرانیان سەعید تەنها بەرگریکەرێکی رۆژهەلأت و تەواوەی دیراسەتی رۆژهەلأت ناسی نی یە بەلّکو ئەو بیرمەندێکی تەنگ پێهەلّچنە بۆ گوتاری گشتی رۆژئاوا ، دەرخەری ئەو رەچەلّەکە راستەقینەی ئەوانە کە حەز ناکەن بیبینن . سەعید لەرێگای کارەکانی و تەنانەت لە شیکردنەوەی رۆمانە کان و کارە هونەریەکانی وەك مۆسیقاو ئۆپراکان دەری خستوە ....

ئەم کارانەی لە رۆژئاوا وای لە هەندێك کەس کردوە بە کەسێکی ترسناك لە قەلّەمی دەن ، بەتایبەتی باس لە ترسناکی نامە زانکۆییەکەی دەکرێت کە باسی گەرانەوەی کۆلۆنیالیەت دەکات بە شێوازێکی نویّ و کەلتووری، بەرای سەعید

کاتێك کەلتوور ڕۆڵی دەسەڵات ببینێ ترسناکیەکەی هیچی لە داگیرکاری ڕاستەوخۆ و باو کەمتر نی یە .

سەعید سەرقاڵی شوناسی ونە نەك جیاوازی شوناس ....

بابێینەوە سەر شیعرەکەی دەرویش کە لە گفت و گۆیەکی خەیاڵیدایە لەگەڵ سەعید :دەرویش دەپرسێت:

ئەی شوناس؟

سەعید لە وەڵامدا :

شوناس بەرگریکردنە لە خود.

شوناس وشەی لەدایك بوونە

بەڵام لە کۆتاییدا خاوەنەکەی دای هێناوە

هیچ پەیوەندیەکی بە ڕابردووەوە نی یە

لەم دێرەشیعرانەدا ڕاستەوخۆ چیرۆکی ژیانی ئەم بیرمەندە دەردەکەوێت ... دەرویش چارەسەرێکی بۆ دۆزیوەتەوە ئەویش لە بیرکردنی ڕابردووە ، بەڵام بارودۆخەکە بەم سانایيە نی یە چونکە سەعید خۆی جەخت لەسەر بوونی کاریگەری ئەو شوناسەدەکاتەوەو تەنانەت لە خوێندنەوەی دەقەکانیش ئەم کاریگەریانە دیاری دەکات ، یاسا گەلێك بۆ خوێندنەوەی دەق دادەرێژێت : لای ئەو (خوێندنەوە) کردەیەکی ڕەخنەیی و کەلتوورییە، کاتێك کەسی شوناس جیاواز دەقی بەرهەم هێنراوی‌ڕۆژئاوا دەخوێنێتەوە خوێندنەوەکەی شێوازی دژیەکی وەردەگرێت ،ئامادەگیەکی داپۆشراوی ڕەوتی ئیمپراتۆریەت لە خوێندنەوەکانی دەردەکەوێت وەك دربڕێکی کەلتووری بۆرەوتە خودیەکەی بەپێی بونیادی پێگەو سەرچاوەکەی .

سەعید دەڵێت — شوناس بریتیەلە — ئێمە کێین؟ لەکوێوەهاتووین؟ ئێمە چین؟ — ئەمە شتێکی زۆر قورس وگرانە لە مەنفا وەك ئەوەی سەعیدباسی گرانی بەدیهێنانی کردەیی شوناس بکات ، لەگەڵ ئەو هێزەی کەلە ناو فیکرو جەستەو کەلتووردا هەیەتی ، لە چۆڵەوانی مەنفادا پرسی دەلالەتەکان تەسك دەبێتەوە ،نیشانەکان مانایەکی تردەبەخشن ، بۆیە بەگوێرەی سەعید —گەلی فەلەستینی بووە بە گەلی نامە و نیشانەو سووسەکان ، سەعید دەڵێت ناوەوەمان داگیرکراوە —- بۆیە دەربرینەکانمان شاراوەییەکی سەیری پێوەدیارە....

ڕەخنەی زۆر توند لە نامەزانکۆییەکانی سەعید گیراوە تەنانەت لەپشت گفت و گۆ مەنهجیەجیەکانیشەوە وەك ئەوەی دەڵێن نامە زانکۆییەکانی مێژوویی نیەو گێرانەوەکانی پێك بەستراو نین وبەدیلێکی ماقوڵ بۆئەو دیاردەیەی ڕەخنەی لێدەگرێت ناهێنێتەوە —لە بەشی ڕۆژهەڵات ناسی — ئەو ڕۆژهەڵاتناسی و شێواندنی ڕۆژهەڵات تێکەڵدەکات ، چونکە لەنێوان هەردوو کاردا پەتێکی زۆر باریك هەیە ... ئەو دەیشێوێنێت .

هەندێکی تر بە تیرۆریستی لە قەڵەم دەدەن بەشێکی تر بە یەکێك لەو کەسانەی دادەنێن کە لە باوشی مارکسیەتەوەهاتوون کەلە ئەنجامی ستەمکاری کۆلۆنیالیەتەوە دروست بوونە ، وای لێهاتووە گومانیان لە پەراوێزبوونی تاراوگەنیشینان پەیدا کردووە پێیان وایە بیرەکانیان شێوازێکی نوێ لە شوێنە نوێکەیان وەردەگرێت و کێشە دەنێتەوە ، بە ڕای ئەوان تەراوگە نشینان ڕەچەڵەکیان دەکەن بە کێشە ی سەرەکیان ، لەبری سەرقاڵبوونیان بە کێشەسەرەکیەکانی مرۆڤایەتی وەك ململانێی چینایەتی و گۆرانکاریەکان و شێوازەکانی بەرهەم هێنان و ئایدۆلۆژیای دەسەڵات و ......

جا وەك چارەسەرێك بۆ کێشەکانی مەنفا بوون و شوناس و پرسیارەکراوەکانی دەرویش چارەسەرێکی شیعری بۆ دادەنێت کە بەزمانی سەعیدەوە دەڵێت:

من چی دەڵێم و چی دەکەم

خۆم خۆم دروست دەکەم

مەنفاکەم دەکەمە ئینسکلوپیدیای شوناس

لەنێوان ئەمە و ئەوە سەعید لە چۆڵەوانی مەنفا ژیانی بەسەر برد ، لەگەڵ بەجێهێنانی کارە فیکریەکەی و هەمیشە لە بەر شوناسەکەی دەنگێکی تێکدەریش بە شوێنیەوە بووە و خوێندنەوەی هەڵەی بۆکردووە .

**ژێدەر:**

**ادوارد سعيد والغربه**/Google